


# پاش خۆپیشاندانەکان: نرخی سووتەمەنی هەرزانکرایەوە

ئیمرۆ نرخی غاز لە 35هەزار دیناوە بوو بە 12هەزار دینار و نرخی بانزین لە 28هەزار دینرەوە بوو بە 17هەزار دینار.

هەڵبەت ئەمە یەکێکە بلە دەستکەوتەکانی خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان بوو کە سوودێکی زۆر گەورەیان بینی لە بەکارهێنانی دەسکەوتەکانیان لە راپەڕینەکەی 1991و دابینکردنی مافە دیموکراتییەکان لە ئازادی نارەزایەتی دەربڕین و لە دواییدا حکومەت گوێی لە نارەزایەتییەکان گرت و داخوازییەکانیان تا رادەیەك جێبەجێکرد.



لەم بارەیەوە جەوهەر شوکور-سکرتێری مەحەلی حزبی شیوعی کوردستان لە خانەقی- وتی: بۆمان دەرکەوت کە هەر شتێك بەجددی مشووری بخورێت، بە شێوەیەك لە شێوەکان چارەسەر دەکرێت. من هیوادارم کارێکی زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی باری سەخت و گرانی سەرشانی هەژاران و زەحمەتکێشانی کوردستان سوك ببێت. دیارە ئەو کات لەبری نارەزایەتی، جەماوەر دەستخۆشی لە حکومەتەکەیان دەکەن.

هەروا لەم بارەیەوە تەها سلیمان- سکرتێری مەحەلی گەرمیانی حزبی شیوعی کوردستان- وتی: چین و توێژە چەوساوەکانی کوردستان لەچەند مانگی رابردوودا لە قەیرانێکی هەمە لایەنی بوو، وەك سوتەمەنی، کارەبا و ئاو. ئەم کەرتە باری گوزەرانی خەڵکی گرانکرد و بوە مامانی لەدایکبوونی نارەزایەتییە رەواکانی مانگی 7و8ی سەر شەقامەکانی شاو شارۆچکەکانی کوردستان. ئەو نارەزایەتییانە بەشێکن لە نارەزایەتییە جیهانییەکان لە دژی دەسەڵاتی کۆمپانییە زلهێزە فرەڕەگەزەکان و سیاسەتی لیبڕالیزمی نوێ، چونکە ئامرازەکانی بینین و بیستن و خوردکردنەوەی کێشەکان وایان لێهاتووە تەنها لە چوارچێوەی وڵاتێك بەرتەسك نابن و بە ئاسانی خەڵك لە شێوەی نارەزایەتی دەربڕین، وشیار دەکەنەوە کە رەهەندێکی چینایەتی و جیهانی هەیە. بێگومان هەر ئەو نارەزایەتییانە گاریگەری و فشاری لەسەر دەسەڵات دروستکرد تا گۆانگاری بەدیبێت و هۆیەکی گرانی چارەسەر بکرێت. دابەزینی نرخی سوتەمەنی و زیاتر دابەنزینی هەنگاوێکی باشە و ئەکرێ حکومەت بە رێگای سیستێمێکی گونجاو چارەسەری هاوکێشە نابەجێکانی بازار بکات. بەڵام زۆر گرنگەتێکرای ئەو نارەزایەتییانە لە چوارچێوەیەکی رێکخراودا بە دوور لە هەموو توندوتیژی و کارێکی نایاسایی بەڕبخرێت، تا داخاوزییە رەواکان ون نەبن و رێگا و شوێنی شیاو بۆ بەدەستهێنانیان بگرینە بەر.

ئێمە لە قۆناغێکداین کە کرێکاران، جووتیاران و قوتابیان بە خۆیان و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستپێشخەرری دەکەن لە بەرزکردنەی ئاڵای سووری شیوعییەت و ئیمرۆ زیاتر لە جاران شیوعییەت وەك تاقە ئەڵتەرناتیف بۆ چارەسەری کێشەکانی مرۆڤایەتی خۆی دووباتدەکاتەوە.

ئامادەکردن: سەلام عەبدوڵا
2006/8/25
dwaroj@yahoo.de